کوردستان ... لەناوبردنی پێنج هەزار مین و پاشماوەی تەقەمەنی جەنگیی

ئەمە دووشەممە ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە هەولێر لەناوبردنی زیاتر لە پێنج هەزار مین و پاشماوەی جەنگییان راگەیاند.

 بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە هەولێر، ڕایگەیاند: پێنج هەزار مینی دژەکەسیی جۆراوجۆر و پاشماوەی تەقەمەنی جەنگی وەک گوللە تەپ و هاوێن و ڕۆکێتی بچووک و گوللەی قازیفە و نارنجەک و گوللەی دەشکە و کلاشینکۆف، لەلایەن تیمی لەناوبردن، لە چاڵی لەناوبردن لەسەر چیای بەردەبوکی سنوری ناحیەی گەڵاڵەی قەزای چەمان، بە شێوازی کۆنترۆکراو و سەلامەت، لەناوبراون.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە هەولێر ڕایدەگەیەنێت: پلانی ئەو هەیە ڕۆژانی داهاتوو بە چەند قۆناغێک ژمارەیەکی زیاتری تەقەمەنی کە لە شوێنی جیاجیا لە سنوری پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سەران کۆکراونەتەوە، لە هەمان شوێن لەناوببرێن.